Dengekan

# مادەی 140 لە ئەمەریکا جێبەجێ دەکرێت !

**ریبین فەتاح**

"پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری حکومەتی هەرێم دەکات لە ئەمەریکا"، ئەمە هەواڵی چەندین کەناڵی راگەیاندن بوو لە هەفتەی رابردوودا، ئەم هەواڵە هەم جێگەی پێکەنین و هەم جێگەی گریان بوو، چونکە تارادەیەك ئاساییە قوباد تاڵەبانی سەردانی پەرلەمان بکات و لەلایەن سەرۆکی چەندین لیژنەوە لە پەرلەمان بە گەرمی پێشوازی بکرێت، وەك ئاماژەم بۆ کرد، تا ئێرە ئاساییە، بەڵام کاتێك باس لە کۆمەڵێك بابەتی ناپەیوەست بە وەزیفەکەی قوبادەوە دەکرێت، ئەمە کێشەکەیە. قوباد تاڵەبانی دێتە پەرلەمان و پەرلەمانتارەکان لەبارەی مادەی 140ەوە پرسیاری ئاراستە دەکەن، وەك ئەوەی مادەی 140 لە ئەمەریکا جێبەجێ بکرێت ! بەڵام داخوا پەیوەندی قوباد تاڵەبانی و مادەی 140 لەکوێدایە؟ ئەوە چ گرێیەکە نوێنەری حکومەت لەئەمەریکا و مادەیەکی تایبەت بە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، تا پەرلەمانتارەکانی کوردستان لە چەندین رووەوە پرسیاری پەیوەست بەو مادەیەی ئاراستە بکەن. دەبێت دوو خاڵ لەبەرچاو بگیرێت، یەکەم ئەوەی کە قوباد کوڕی پیاوێکی خاوەن دەسەڵاتە لە کوردستان و لەعێراقیش سەرۆك کۆمارە، دووەم پەرلەمانی کوردستان لەخوار دەسەڵاتی سیاسییەوەیە، لە هەر حالەتێکدا قوباد تاڵەبانی لە پەرلەمانتارانی کوردستان زیاتر لە مادەی 140 نزیکەو لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی مادەکە ئاگادارترە، جا ئەگەر نەك هەر نوێنەری حکومەتی هەرێم بێت لە ئەمەریکادا، بەڵکو ئەگەر قوتابییەکی پۆلە ناوەندییەکان بێت لە هەر شوێنێکی ئەو دونیایەدا! هۆی ئەمە ئاشکراو روونە، قوباد کوڕی جەلال تاڵەبانییەو جەلال تاڵەبانیش نیوەی دەسەڵاتەکانە لە کوردستاندا، خاڵی دووەم راستەخۆ ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کەپەرلەمانی کوردستان لەخوار دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیەوەیە، لەبەرئەوە دێت بە گەرمی گوێ لە کوڕی بەرپرسی یەکەمی یەکێتی دەگرێت، لەبارەی پرسێکی گرنگی نەتەوەییەوە کەئەویش مادەی 140ی تایبەت بەناوچە دابڕاوەکانی کوردستانە, ئەم کەسایەتییەش کەم و زۆر بەهۆی وەزیفەکەشیەوە پەیوەندی بە مادەی 140ەوە نییە, کەوابوو تەنها شتێك شەرعیەتی بەقوباد تاڵەبانی داوە بچێتە پەرلەمان و پرسیاری لەبارەی مادەی 140 وە لێبکرێت, ئەوەیە کەئەم کەسایەتییە لە ئەمریکا دەژێت و رەنگە زیاتر لە پەرلەمانتارەکان ئاگاداری پشتی پەردەی ئەو مادەیە بێت و لەنزیکەوە لەگەڵ ئەمریکییەکان قسەی لەبارەی ئەو مادەیە کردووە, ئەمەش مانای ئەوەیە جێبەجێ کردنی مادەی 140 لەژێر مەرحەمەتی حەزی سیاسی ئەمریکادایە.